# بودجە بەهەڵکوڵاوی..



ئەندازیار تەها سۆڵەیی

shekh.taha@yahoo.com

## ١

هێشا بودجەی ناوەند پەسەند نەکراوە، ئێمە تەواویش بووین!! ئەمەش لە کاتێکدایە کە ساڵانی رابردوو ئەوەمان کردبوو بە بیانوو گوایا ناوەند بۆ ئێمە قەڵای مەریوانە پاڵمانداوە پێوەی، بەڵام خۆمان قەڵای شێروانەمان هەیە، بۆ پشت بە قەڵای عەرەبی شۆڤێنی ببەستین، یان کۆنفیدراڵیەتەکەمان چەسپاوە بە گرەنتییەوە لە خوا بەزیاد بێت و قورئان لە بەینا بێت و گوێی شەیتان کەڕ بێت!!

## ٢

چۆن بودجەمان پەسەند کردووە، لە کاتێکدا بودجەی حیزبەکان هێشتا قسەی تەواوی لەسەر نەکراوە، نەبووەتە یاسا و پەسەند نەکراوە، لام وابێ لە چاویلکەی دەسەڵاتەوە حیزبەکان ئەوەندە بچووکن و بەشیان کەمە، باڵانس و میزانیەی حکومەت هەر حیسابیشی بۆ ناکات، یان بودجەکەمان ئەوەندە لاستیکییە، چۆنمان بوویت کێشی دێت و قابیلی یارپێکردنە.

## ٣

لە دونیادا وایە حکومەت لە ڕێی وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە پلان دادەنێن، بودجەی بۆ پێشنیار دەکەن، پوختەی پێشنیارکراو دەنێرن بۆ پەرلەمان بۆ خوێندنەوە و پەسەندکردنی، دەبێ وەزیرەکانی پلاندان و ئابوری و دارایی ئامادە بن بێنە بەردەم پەرلەمان بۆ پێشکەشکردنی روونکردنەوەکەیان، بەڵام ئێمە وا نین، چونکە کوردستان جیاوازە، ئەز دبێژم بەلێ..

## ٤

بەگوێرەی ماددەی ( ٧٩ )، بڕگەی ( ١ ) لە یاسای پەرلەمان، دەبێت بودجە لە مانگی (١٠)دا بگاتە لیژنەی دارایی و ئابوریی پەرلەمان بۆ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەمساڵ کە لە هەموو ساڵەکان زووتر گەیشتووە، هێشتا (١٠٠) ڕۆژ زیاترە دواکەوتووە.. مەعێن درەنگ بگا باشترە لەوەی هەر نەگات!!

## ٥

لە سیناریۆیەکی لاوازدا ئەم بودجەی خرایە روو، کە ئەویش ئەو شپرزەییەی ناو دەزگا و وەزارەتەکان دەردەخات کە گوایا بودجەکەیان ئامادە کردووە، لە زەقترینیان:-

* چونکە بە گەورەیی فێری پلاوخواردن بووین، کەوچکی بودجەکەمان کرد بە چاوی میللەتدا، ئەی ئەوە نییە پەرلەمان ئاگای لە هیچ نییە، حکومەت سەرچۆپییەکەیان گرتووە و لە راگەیاندنەکانەوە کردوویانە بە هەڵلا..

* کە حکومەت بودجە پەسەند دەکات، دەبێ پەرلەمان ئیشی چی بێت؟! تۆ بڵێی کامیان ئیشی کامیان دەکەن؟ فەرق نییە، موهیم ئیش بڕوات ..

* حکومەت لە کاروان دواکەوتووە و لە ئاش پەلەیەتی، بودجەی درەنگ ناردووە، بەڵام دەیەوێت بە هەفتەیەک پەسەند بکرێ!! هێشتا یار باقی و هەم سوحبەت باقی..

## ٦

بودجەی بەناهەق پەسەندکراوی ئەم جارە، ئەمە هیچ شەفاف نییە، زۆریش تەڵخە، بۆ نموونە:-

* داهاتی ناوخۆی تیا نییە.. سوبحانەڵڵا ئەو هەموو (ئیبراهیم خەلیل)ـەی خوا داویەتی بە ئێمە و چەندین ساڵە خێر و بەرەکەتەکەی دەسەڵاتی خەنی کردووە، چما لۆ دیار نییە، یان شەرم دەکاتن بێتە مەجلیسەوە، یان لەبەر ئەوەی ئەوەندە زۆر و قەبەیە، جێی نابێتەوە و تەوازوع دەنوێنێ، یان وا بچوکیان کردۆتەوە، کردویانە بە تەیرەکەی مەلای مەشهور و رووی مەجلیسی نەماوە..

* گرێبەستە نەوتیەکانمان کە بە هێندەی دۆسیەی ئەتۆمی و پڕچەککردنی ئیسرائیل نهێنییە، ئەوانیش ئامانە بوون و عوزریان هەبوو !

* نەوتی فرۆشراو و ئاودیوکراوی کوردستان، بۆ ئەوەی لە چاو و نفوس بەدووربن، حەزمان نەکرد باسیان بکەین!!

* پێنج هەزار ملیۆن دۆلار شیرینی گرێبەستە نەوتییەکانمان هەیە، جا لەلایەک شیرینی بۆ قەڵەوی و شەکرە خراپە، نەمانخستۆتە بەردەم میللەتی ئازیز، خۆیان زەختیان بەرزە خوا هەڵناگرێت تووشی شەکرەشیان بکەین، لەلایەکی ترەوە خۆتان دەزانن کوردستان ئەوەندە ئەمین نییە، بۆیە لای (بەریتانیای عوزما) هەڵمانگرتووە بۆ ڕۆژی رەشی تۆخ!

* زاخۆی دەلال چەندین ساڵە زەقەی چاوی دێت و دەمی لیکی کردووە بۆ کێکی حەزرەتی (ئیبراهیم خەلیل)، بەشیان نەداوە، ئێسا دێن و قەرەبووی بۆ دەکەنەوە، بەڵام نەوەکو لە بەشی (ئیبراهیم خەلیلولڵا)، بەڵکو لە سەر حیسابی (هەڵەبجەی شەهیدولڵا)..

* سەدان گوند، ئەسڵەن قوتابخانەیان هەر نییە، دەیانی شوێنی تریش لە خانوو و ماڵاندا دەخوێنن، هەروەکو (عەهدی مەلەکی)، هەزاران قوتابخانەشمان دوو یان سێ دەوامی تیا دەکرێت، بەڵام ئێمە گرنگیی دەدەین بە قوتابخانە نموونەییەکان و تەنها (١٥٠) ملیار دینارمان بۆ داناوە لاغەیرەها!! برسییانە با کێک و شیر بخۆن !!

## ٧

* بڕیار بوو ئەمساڵ بودجەی کەمتر دابنێین بۆ (بەکاربردن)، بەڵام وانەبوو، با وەکو پار بێت، ئەویش هەروانەبوو، لە نەتیجەدا دوو هەزار ملیار دیناری عێراقی زیاتر بوو! بارەکەڵڵا..

* چونکە بەغداد و جنوبونا ئەلحەبیب گەرمە، کورد لەوێ دەچێتە ئاو و بەرەکەتی تیا نامێنێت، یان لەوانەیە شەرم کات، لە حزوری ئەو عەرەبە پێپەتیانەدا خۆی بایات، بۆیە (یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار) مووچەخۆری کورد، دەکاتە (شەشە سەد و شەست هەزار) مووچەخۆری عەرەب، بە تەوقیتی بەغداد!

* ئێمە هێشتا خوێندنەوەی خەرجییەکانی ساڵی (٢٠٠٩)مان تەواو نەکردووە، ئیتر چۆن دەکرێت بودجەی ساڵی نوێ پەسەند بکرێت؟ کورد میللەتێکە لە حیساب و خوێندنەوەدا دەرنەچووە و لە ئیملایشدا ئیکمالە!!

* هەردوو چاودێری دارایی هەولێر و سلێمانی هێشتا یەکیاننەگرتۆتەوە، لەوانەشە کاغەزی یەکتر نەخوێننەوە، ئەی باشە کێ هەیە رەخنە بگرێت؟ چۆن خەرجیی دروست و ناتەندروست لە یەک جیا بکەینەوە؟ گرنگ متمانەیە..

* ماوەی سێ ساڵە دەیان ملیۆن دۆلاری مووچەی شەهیدان و زیندانی سیاسی دەشارنەوە، بۆیە تەنها هەر ئەوە ماوە لای (مالیکی یەومیددین) شکات بکەن لە مالیکییەکانی لای خۆمان!!

* چەندین کەناڵی ئاسمانی تازە کراوەتەوە کە گرنگیی دەدەن بە گۆرانی و کلیپ و هەڵپەرکێ، خەرجییەکی زۆر، بەرهەمێکی کەمی بێبایەخ، زیانێکی زۆر.. ئەمانیش وەکو سەدان رێکخراوی ( نا حکومی، با حیزبی) کە بودجەی قەبەیان هەیە و تا ئێستاش بە ئەندازەی ئەو ملیۆنەها دینارانەی وەریدەگرن چالاکی و جێدەستیان دیار نییە.. بریا پەرلەمان ئەم ئەرکە قورسەی لە کۆڵی بودجە لابردایە، با تۆزێک بودجەکەمان رەشیق بێت..

*هەزاران ملیۆن دۆلارمان بەهەدەر داوە، هێشتا نەکەوتوینەتە سەرپێی خۆمان و دارەدارە دەکەین، کارەبایە وەک خۆی وایە، ڕێگاوبانە پڕ لە تاسە و کەندەلانە، ئاوی خواردنەوە کارەساتە، قوتابخانە مەرگەساتە، کشتوکاڵمان بێبایەخە، پیشەسازی وەکو سەردەم بەردینە، بازرگانی هەرهەمووی موڵکی تورک و فارسە، بەرهەمی عەمارەپووی وڵاتی چین و ماچینە.

# قسەیەک بۆ پێش بانگەشەی هەڵبژاردن

یوسف هەریری

هەولێر

وا جارێکی تر هەرێمی کوردستان و عێراق پێشوازی لە پرۆسەیەکی تری هەڵبژاردن دەکاتەوە، وەکو هەموو پرۆسەیەکی دیکەی هەڵبژاردنیش پێ دەنێتە قۆناغێکی گرنگ و هەستیار، ئەویش قۆناغی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنە، کە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ڕێژەی سەرکەوتنی هەر هەڵبژاردنێک و بەڕێوەچوونی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو و ئازاد بەندە بەم چەند رۆژەوە. ئەگەر کەمێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە و لاپەڕەی هەڵبژاردنەکانی پێشووتری عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان هەڵبدەینەوە، ئەوا راستی ئەم قسانەمان بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر باس باسی هەرێمی کوردستان بێت، چونکە بەڕاستی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی رابردوو بەداخەوە نەمانتوانی روویەکی جوان نیشانی خۆمان و دەرەوە بدەین، بەڵکو سیمایەکی ناشیرین و بێزراوی بەخۆیەوە بینی تا کار گەیشتە ئەوەی کە خوێنی تیا برژێت و بارەگا و دەزگای حیزبی تیا بسوتێنرێت و ناوی ئەم هەرێمەش بچێتە لیستی ڕەشەوە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە بەجدی لەم هەڵبژاردنەدا هەموو هێزە سیاسییەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە سوود لەم هەڵانەی رابردوو وەربگرن، بەتایبەتی دوو هێزە دەسەڵات بەدەستەکە، چونکە تازە ئێمە بە ویست و ئیرادەی خۆمان ڕێگای دیموکراسیمان گرتووە و هەمووشمان دەزانین کە ئەم ڕێگایە بردنەوە و دۆڕاندنی تێدایە و دەبێت بە گیانی وەرزشیانە هەموو دەرەنجامێک قبوڵ بکەین، بۆیە ئەگەر ئەمجارە و چەند جاری تریش هێزی دەسەڵاتدار بیەوی پارێزگاری ناشەرعی لە دەسەڵاتی خۆی بکات لە ڕێگای گزی و ترس و تۆقاندن، ئەوا لە کۆتاییدا هەر دەبێت قبوڵی ئەم واقیعە بکات، لەبەر ئەوە وا باشترە هەرچی زووە ڕێگای راستی دیموکراسی قبوڵ بکەین و چیتر وێنەی هەرێمی کوردستان بەرووی ناوە و دەرەوە تەڵخ نەکەین. بۆ ئەم مەبەستە دەڵێین ئەوەی رۆیشت رۆیشت بە تاڵ و شیرینییەوە، بەڵام زۆر گرنگە کە لەم هەڵبژاردنە نەک ئەوەی ڕابردوو دووبارە نەکەینەوە، بەڵکو بتوانین سوود لە هەڵەکان وەربگرین و راستیشیان بکەینەوە، چونکە ئێمە قۆناغی باشمان بڕیوە و لەو پێناوەدا خوێنیش رژاوە.

ئینجا ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم رووداو و حاڵەتە نەخوازراوانە زۆربەیان یاخود هەموویان لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن روویانداوە، بۆیە وەکو پێشتر هێمامان بۆ کرد ئەم کاتە دیاریکراوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە هەموو جومگەکانی حیزب و لایەنەکان ئەکتیڤ دەبن و دەکەونە جوڵەوە، لەبەر ئەوە هەر ئیعازێکی نادروست لە لایەن سەرکردایەتی حیزبەکانەوە بەتایبەتی رۆژە دەسەڵاتدارەکان لەوانەیە ببێتە ئەگەری دووبارە بوونەوەیان. شتێکی سروشتییە کە حیزبەکان دەست بکەن بە کۆکردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان بە هەموو شێوەیەکی گونجاو لە چوارچێوەی یاسا و بنەماکانی دیموکراسی، ئەمە مافی هەموو قەوارەیەکی بەشداربووی ئەم پرۆسەیەیە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە تا دەتوانرێت هەموو لایەنەکان پرۆسەکە بە ئاراستەی دروستی خۆی ببەن و بەشێوەیەکی مەدەنیانە کار لەسەر ئەندام و لایەنگر و جەماوەری خۆیان بکەن، چونکە پارێزگاری لە دەسکەوتە باڵاکانی میللەتەکەمان ئەرکی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و هەموو هاوڵاتییەکی ئەم کوردستانەیە و دەبێت هەموو هێز و لایەنەکان لەم سەنگەرە خۆیان ببیننەوە نەوەک سەنگەر لە یەکتر بگرن و یەکتر تۆمەتبار بکەن بە خیانەت و شەڕە جنێو و ...هتد وەکو لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا ڕوویاندا. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە ئەم هەڵبژاردنە زۆر گرنگە سەبارەت زۆرێک لە هاوکێشەکان، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، چونکە هەموو هێز و تەیارەکانی تری گۆڕەپانی عێراقی بە هەموو گوڕوتین و توانایانەوە دەیانەوێت بەشداری ئەم پرۆسەیە بکەن کە لەوانەیە نەخشەی سیاسی عێراق زۆر ڕوون نەبێت و نەتوانین بەئاسانی پاش پرۆسەکە دەسکەوتی تری نیشتمانی بەدەست بێنین، بەڵکو ئەوەی کە بەدەستیشمان هێناوە بکەوێتە بەر مەترسی نادیارەوە. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە بە هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان یەک هەڵوێست بین لە سەنگەری پارێزگاری لە دەسکەوتە باڵاکانی گەلی کوردستان، هەرچەندە کە بە لیست و قەوارەی جیاش بەشداری ئەم پرۆسەیە بین، بەڵکو ئەم جیاوازییە ببێتە خاڵی هێزمان و سیمایەکی جوان بدەینە ئەم هەڵبژاردنە و هەنگاو بنێین بەرەو هەڵبژاردنێکی هێمن و مەدەنیانە..

ستێپ



هیوا حامد

# لێمان گەڕێن سەرقاڵبین

هەموو کارێک لە کاتی خۆیدا بەنرخە و بایەخی هەیە، بۆیە پێشینان ئەو کەسەیان بە پاشا ناوزەد کردووە، کە کارەکانی لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدات، هەروەک وتوویانە (کاری بەوەختی پادشای سەرتەختی)، تەنانەت ئەم رێسایە لەسەر گرنگترین و هەستیارترین جۆری کاریش جێبەجێ دەبێت، کە (پەرستشە)، خوای گەورە لە هەر کاتێکی دیاریکراودا پەرستشێکی تایبەتی تێدا واجب کردووە لەسەر بەندەکانی، جگە لەو کاتە دیاریکراوە داوای ئەو جۆرە پەرستشە لە بەندەکانی ناکات زانایانی زانستی پەرەپێدانی مرۆیی کارەکانی رۆژانەی مرۆڤیان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش کردووە، لەوانە کارە زۆر گرنگ و بەپەلەکان، کارە گرنگەکان، بەڵام بەپەلە نین، کارە بەپەلەکان، بەڵام گرنگ نین، ئەو کارانەی نە بەپەلەن و نە گرنگن، جا کاتێک نەتوانرا هاوسەنگییەک لەنێوان چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو جۆرە جیاوازانەی کاردا دروست بکرێت، ئەوا بێگومان ئەو مرۆڤە یان ئەو دەزگا و حیزب و حکومەتە هەمیشە سەرقاڵە و هەمیشە دواشکەوتووە لە جێبەجێکردنی کارەکانی، چونکە ریزبەندی کارەکان و هەڵسەنگاندنی پێوستی هەریەکێکیانی لێ تێکچوو، ئێوە دەزانن ئەگەر وشەی (ئەگەر) نرخێکی هەبوایە بۆ مێژوو، ئەوا ئاراستەی ژیان بە جۆرێکی جیاواز لە ئێستا دەبوو، ئاخر بێ حیکمەت نییە هەواڵێک ئەورۆ بە پارەیە، کەچی سبەینێ کەس بە خۆڕاییش ئامادەی بیستنی نییە، ئەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی گونجاندنی کارەکان لەگەڵ کاتەکاندا، بێگومان رەچاونەکردنی ئەم رێسایە رەنج بەخەساری و مایەپووچی لێ دەکەوێتەوە. دەڵێن رۆژێکیان کابرایەک بەناو دارستانێکدا دەڕوات، دەبینێت پیاوێک خەریکی بڕینەوەی دارێکە، بەڵام زۆر هیلاک و ماندوو بووە، چونکە هەرچەند هەوڵ دەدات، بەهۆی کولی مشارەکەیەوە ناتوانێت دارەکە ببڕێتەوە. کابرای رێبواریش پێی دەڵێت: مامەگیان پێدەچێت مشارەکەت کول بێت و پێویست بەوە دەکات تیژی بکەیتەوە. ئەویش لەلای خۆیەوە زۆر بە توڕەییەوە بە رێبوارەکە دەڵێت: مەگەر نابینی سەرقاڵم، کەی وەختی ئەوەم هەیە کە مشار تیژ بکەمەوە. بێ ئاگا لەوەی ئەگەر مشارەکەی تیژ بکردایەتەوە، ئەوا هەرگیز سەرقاڵ نەدەبوو، هیلاکییەکەشی لەولا بووەستێت. هەروەک خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی پێداوە و دەفەرموێ (وَأَنْفِقُوا مِنْ مَا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلاَ أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُنْ مِنَ الصَّالِحِينَ) صدقَ اللّٰه العظيم..

جا ئەی ئەوانە لە ئێستادا پێویستیتان بە چاکسازی و کرانەوە و پەیڕەوکردنی دیموکراسیەت و سەفافیەت هەیە، ئەمڕۆ بەدەم ئەو پێداویستیانەوە بچن، ئەگینا لە دەرەوەی ئێوە هەموویان جێبەجێ دەکرێ و (بەلێ)ی ئێوەشی ناوێت.